

لانە ئاسۆ

# دڵـــم مـەملـەکـەتـــی تـۆیـــە

هاتی لەسەر

عەرشی دڵم دانیشتی

خۆشحال بـووم

دڵم کردە تەختی پادشاییت

جەستەم کردە کەنیزەك

ڕۆحم کردە ئەوەی هەموو کاتێك

داوای نزا و پاڕانەوەت لێبکات

لەچی تووڕەی

لەچی تۆراوی؟

دڵم و عەرشم بۆت بچووك بوون؟

یا کەنیزەك

لەباوەشتدا نەخەوت ...و

بە گوێی نەکردی؟

یا نزاکانی ڕۆحم بۆ مانەوەت

لەعەرشی دڵ ئازاری دای؟

دە مەتۆرێ

من فێر بووم

چیتر بێتۆ ئۆقرە نەگرم

منت کرد بە منداڵ ...و

چیتر بێبۆنی تۆ ژێر نابمەوە

دە مەتۆرێ

چیتر عەرشی دڵ زیزت ناکات

ڕۆح پاڕانەوەی زیاترت بۆ دەکات

نزای هەتا هەتاییت بۆ دەکات

مەمسوتێنە ...مەمڕەنجینە

نە خۆت بکە بەسەڕاب ...و

نە منیش بە خەیال.